گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاراستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا

## توێژینەوەیەکی شیکارییە

**ئازاد عبدالعزیز محمد**
بەشی راگەیاندن، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
azad.mohammed1@su.edu.krd

**پ.د. طاهر حسۆ زێباری**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
tahir.zebari@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢١/٦/٢٥
پەسەندکردن:٢٠٢١/٨/٩
بڵاو کردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**وشە سەرەکییەکان:**
trend, media elite, commitment, professional ethics, websites.

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.4.12

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ زانین ودیاریکردنی ئاراستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە رادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە. نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێگەی ئەلیکترۆنیی "ڕووداو" و "ئێن ئارتی"، لەم پێگانەش هەواڵەکانی سیاسیی وکۆمەڵایەتی لەنێو ئەم پێگانە وەك نموونەی توێژینەوە هەڵبژێردراون. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەکارهاتووە.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی ئاستی زانستی و ئەکادیمی: لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەکان لە بواری ئیتیکی میدیا و میدیای نوێدا زۆر بەکەمی ئاوڕی لێ دراوەتەوە؛ ئەمەش ئەوە دەخوازێت بە ئەندازەی ڕۆڵ و کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر پێگە و ڕەوشی میدیای کوردی لە لایەك و، دیدگا و ئاراستەی دەستەبژێری میدیایی لە هەمبەر پابەندبوونی ئەو

پێگانە بە ئیتیکی پیشەیی لە لایەکەی دیکەوە، هەوڵی زاستیی شایستە بخرێتە گەڕ، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی قەبارەی کێشەکە و چۆنێتیی چارەسەر و مامەڵەکردن لەگەڵیدا. هەروەها لەسەر ئاستی پیشەیی: ئەنجامی توێژینەوە زانستییەکان زۆر جار ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی دەبێت لەسەر باشترکردن وڕاستکردنەوەی ڕەوتی کارکردنی ئامرازەکانی میدیا لەسەر ئەرزی واقیع. ئەگەر هات وئەو ئەنجامانەی توێژینەوە زانستییەکان بەهەند وەربگیرێن، ئەو ڕۆڵە تەواوکارییەش لە بەرژەوەندیی بەرەوپێشبردنی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیی پێگە ئەلیکترۆنییەکان تەواو دەبێت.

گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەکە پێگەیشتووە بریتین لە: ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە. بەرامبەر بە پرسە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان بێلایەن بووە، سەرەڕای تێبینیکردنی ڕێژەیەکی سنووردراریی لایەنگیری لە هەندێ پرس وبابەتدا. لە نیوەی زیاتری هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکە تەنیا بۆچوونی یەك لایەنی خراوەتە ڕوو، هەروەك لە بەشێکی زۆری هەواڵی نموونەی توێژینەوەکەدا ڕاوبۆچوون تێکەڵ بە هەواڵ کراوە. ئەوەش کەوابێ، بەدواداچوونی توێژینەوە بۆ هەواڵەکان لەم پێگانە وەك پێویست نییە.

## پێشەکی

پەیوەستبوونی میدیای ئەلیکترۆنی بە یاسا ورێساکانی ئیتیکی، تاکە ڕێگەی گرنگە بۆ پارێزگاریکردن لە پیرۆزیی کاری میدیایی و، ناوبانگی وسەرکەوتوویی خودی میدیاکار وئەو میدیایەی کە کاری تێدا دەکات؛ هەروەها گەرەنتی بەردەوامیی سەرکەوتووی کاری میدیاکار دەکات لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆیدا. بۆیە پەیوەستبوون بە یاسا ورێساکانی ئیتیکی، پێویستییەکی حەتمییە بۆ سەرکەوتوویی وبەردەوامبوونی کاری میدیایی لەسەر ئینتەرنێت، بەرەنگاڵەیی شێوە وقۆناغەکانییەوە.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: دیاریکردنی ئاراستەی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ئاستی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان بە بنەماکانی ئیتیکی پیشەیی وزانینی ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بە ئیتیکی پیشەیی.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە، دەکرێت لە ئایندەدا وەکو چوارچێوەیەك بۆ بنەما ئیتیکییە پیشەییەکان سەیر بکرێت لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها لە قۆناغی ئێستادا ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دیاری دەکات، لە پێدانی زانیاری وداکۆکیکردن وپاراستنی مافی هاووڵاتیان لە زانینی هەواڵەکاندا، کە خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی ئیتیکی وڕەنگدانەوەی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا دەبێت. بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەم بوارەدا بە شێوەیەکی کردەیی بەشداری لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەکات.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ باس پێك دێت، باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە، کە بریتین لە: یەکەم، ڕەهەند ورێکارەکانی توێژینەوە. دووەم چەمکەکانی توێژینەوە وسێیەم: لە توێژینەوەکانی پێشوو پێکهاتووە. باسی دووەم: لایەنی تیۆرییە پێك دێت: (ئیتیکی میدیایی ئەلیکترۆنی، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان).

باسی سێیەم پێك دێت لە: لایەنی شیکاری توێژینەوە: یەکەم: پیشاندان وروونکردنەوەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوە وشرۆڤەکردنی بە شێوەیەکی مەیدانی، دووەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە، دووەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە لەخۆ دەگرێ.

## ئەم توێژینەوەیە لەم سێ باسەی خوارەوە پێك دێت:

باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی میتۆدی توێژینەوە:

## یەکەم: ڕەهەند ورێکارەکانی توێژینەوە:

### 1-1-کێشەی توێژینەوە:

پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەشێکی گرنگی نەخشەی میدیایی لە کوردستان پێکدەهێنن، وەکو سەرچاوەیەکی دیاری بڵاوکرنەوەی هەواڵ و ناوەرۆکی میدیایی هەژمار دەکرێن. زیادبوونی ڕۆڵ و کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە کوردستان وادەخوازێت، هەڵوەستەیەك بکەین لەسەر ڕادەی پابەندبوونی ئەو پێگانە بە بنەماکانی پیشەییەکان، بەوپێیەی ئەو بنەمایانە، پێوەری ڕێکخەرن بۆ هەر کارێکی میدیایی بەشێوەیەکی گشتی و کاری میدیایی ئەلیکترۆنی بەتایبەتی، کە پابەند نەبوون پێیانەوە، دەبێتە هۆی دەرچوونی زۆرێك لە میدیا و میدیاکاران لە بەها و ئادابی گشتیی کۆمەڵگە، لاوازبوونی بەرپرسیارێتیی یاسایی و کۆمەڵایەتی دامەزراوە میدیاییەکان لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا.

کارێکی لەو جۆرەش سەردەکێشێت بۆ پاشەگەردانی ولەڕێلادانی زۆر وزەوەند لە کاری رۆژانەی میدیای ئەلیکترۆنییدا. لەم روانگەیەوە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاراستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت رادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بە ئیتیکی پیشەیی.

**2-1-گرنگیی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو ئاستدا گرنگیی خۆی هەیە:

یەکەم: ئاستی زانستی و ئەکادیمی: لە بەشەکانی راگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەکان لە بواری ئیتیکی میدیا و میدیای نوێدا زۆر بەکەمی ئاوڕی لێ دراوەتەوە؛ ئەمەش ئەوە دەخوازێت بە ئەندازەی رۆڵ و کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر پێگە و رەوشی میدیای کوردی لە لایەك و، دیدگا و ئاراستەی دەستەبژێری میدیایی لە هەمبەر پابەندبوونی ئەو پێگانە بە ئیتیکی پیشەیی لە لایەکەی دیکەوە، هەوڵی زاستیی شایستە بخرێتە گەڕ، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی قەبارەی کێشەکە و چۆنێتیی چارەسەر و مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

دووەم: لەسەر ئاستی پراکتیکی وپیشەیی: ئەنجامی توێژینەوە زانستییەکان زۆرجار رەنگدانەوەی ئەرێنیی دەبێت لەسەر باشترکردن و راستکردنەوەی رەوتی کارکردنی ئامرازەکانی میدیا لەسەر ئەرزی واقیع. ئەگەر هات و ئەو ئەنجامانەی توێژینەوە زانستییەکان بەهەند وەربگیرێن، ئەو رۆڵە تەواوکارییەش لە بەرژەوەندیی بەرەوپێشبردنی ئەزموونی میدیاکاری پێگە ئەلیکترۆنییەکان تەواو دەبێت.

سێیەم: گرنگیی ئەم توێژینەوەیە، دەکرێت لە ئایندەدا وەکو چوارچێوەیەك بۆ بنەما ئیتیکییە پیشەییەکان سەیر بکرێت لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها لە قۆناغی ئێستادا رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دیاری دەکات، لە پێدانی زانیاری و داکۆکیکردن و پاراستنی مافی هاووڵاتیان لە زانینی هەواڵەکاندا، کە خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی ئیتیکی و ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا دەبێت. بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەم بوارەدا بە شێوەیەکی کردەیی بەشداری لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1-3- ئامانجەکانی توێژینەوە:

1-دیاریکردنی رادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە ئیتیکی پیشەیی و رەنگدانەوەی لەسەر جۆری بابەتە هەواڵییەکان.

2-دیاریکردنی ئاراستەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە خستنەڕووی بابەتە هەواڵییەکان و رەنگدانەوەی لەسەر رادەی پابەندبوونیان بە بنەماکانی ئیتیکی پیشەیی.

3-دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو پێشلکارییانەی، پێگە ئەلیکترۆنییەکان سەبارەت بە ئیتیکی پیشەیی کردوویانە.

4-دیاریکردنی گرنگترین ئەو بوارانەی، کە پێشلکاریی تێدا کراوە لە بەرامبەر ئیتیکی پیشەیی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان.

### 1-4- پرسیارەکانی توێژینەوە

1-تا چەند پێگە ئەلیکترۆنییەکان پابەند بوونە بە ئیتیکی پیشەیی؟

2-تا چەند پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە ئیتیکی پیشەیی، رەنگدانەوەی لەسەر شێوازی خستنەڕووی بابەتە هەواڵییەکان هەبووە؟

3-گرنگترین ئەو پێشێلکارییانە چین کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان سەبارەت بە ئیتیکی پیشەیی کردوویانە؟

4-گرنگترین ئەو بوارانە چین کە پێشێلکاریی ئیتیکی پیشەیی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکانی تێدا کراوە؟

5-تا چەند پێگە ئەلیکترۆنییەکان، جیاوازن لە شێوازی خستنەڕووی بابەتە هەواڵییەکان؟

6-تا چەند ئەو جیاوازییەی لە نێوان پێگە ئەلیکترۆنییەکان هەیە لە خستنەڕووی بابەتە هەواڵییەکان، لەسەر ئاستی پابەندبوونیان بە ئیتیکی پیشەیی رەنگی داوەتەوە؟

### 1-5- جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی میدیایی وەرگیراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**6-1- کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، کە پێگەی ئەلیکترۆنیی "ڕووداو"و "ئێن ئارِ تی"وەك نموونەی توێژینەوە هەڵبژێردراون.

**7-1- نموونەی توێژینەوە:**

نموونەی توێژینەوەی شیکاری توێژینەوەکەیە بریتییە لە هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی "ڕووداو" و "ئێن ئارتی". لە هەر یەکێك لەو دوو پێگەیە، مانگێك وەرگیراوە، لەڕێگەی دروستکردنی مانگی دەستکرد، بە هەردوو پێگەکەش هەواڵی چوار مانگی لە هەواڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان شیکارکراون، کۆی گشتی ئەو هەواڵانەی لە هەردوو پێگەکە شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بۆ کراوە گەیشتە (1396) کە ژمارەی هەواڵەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو (688) و پێگەی ئێن ئارِتی (708) بوون. بەم شێوەیەی خوارەوە:

دروستکردنی "مانگی دەستکرد" لە بابەتە هەواڵییەکان

| ژ | مانگ | هەفتە |
|---|---|---|
| 1 | مانگی کانوونی دووەم 2021 | هەفتەی یەکەم |
| 2 | مانگی شوباتی 2021 | هەفتەی دووەم |
| 3 | مانگی ئاداری 2021 | هەفتەی سێیەم |
| 4 | مانگی نیسانی 2021 | هەفتەی چوارەم |

**8-1- بوارەکانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەسەر سێ بواری جیاوازدا دابەشبووە، ئەوانیش:

1-بواری بابەتی: رادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانی "ڕووداو" و "ئێن ئارِ تی" و بە ئێتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا دەگرێتەوە.

2-بواری شوێن: ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە،

3-بواری کات: توێژەر ماوەی توێژینەوەکەی، لە نێوان 2021/1/1 تا 2021/4/1، بۆ شیکردنەوەی هەواڵەکانی هەردوو پێگەی ئەلیکترۆنی "رووداو" و "ئین ئارتی" وەریگرتوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم: چەمك وزاراوەكانی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا ژمارەیەك چەمك بەكارهاتوون لەوانە:

### 1- ئاراستە (direction):

ئاراستە لەم توێژینەوەیەدا بریتییە: لەو چەمكەی كە گوزارشت لە بەرژەوەندیی پەسەندكراوی تاكەكانی نموونەكە لەبارەی بەكارهێنانیان و خواست و هزریان لە پێگە ئەلیكترۆنییەكان لە هەرێمی كوردستان دەكات.

### 2- دەستەبژێری میدیایی (Media elite):

پێگەی ئەلیكترۆنی: لە كۆمەڵێك دۆسیەی تۆڕی فراوانی جیهانی پێكهاتووە و، خاوەن پەیوەندییەكی هاوشێوەی بەیەكەوەبەستراوی تێكچرژراو لەنێو خۆیاندا، كە لەلایەن تاكێكەوە، یان كۆمەڵە كەسێكەوە یاخود كۆمپانیایەكی تایبەت بەم بوارەوە دیزاین كراوە، كە جگە لە بابەت و ڤیدیۆ، توانییەتی پەخشی وێب تیڤی، ڕادیۆی ئەلیكترۆنی و پۆتكاست و لە خۆی بگرێت؛ لە ڕێگەی پێگەوە بەرنامەكانیان ئاراستەی كۆمەڵگە بكات و تاكەكانیش وەك بەكاربەر سوودی لێ وەرگرن.

### 3- پابەندبوون(commitment):

پابەندبوون لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە: ڕەهەندی ئیتیكی یان ئەركێكی جێگیر، كە میدیاكار پەیوەست دەكات بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەركە و بەردەوامبوونی لەسەری، بۆ بەرژەوەندیی ئەو ئامرازە میدیایە، یان بۆ بەرژەوەندییەكی دیاریكراو و، بەرپرسیارە لەو كارە و، ناكرێت دەستی لێ هەڵگرێت یان سەرپێچی لە ئەدای ئەو كارەدا بكات، وەك: بەخشینی شتێك یان ڕاپەڕاندنی كارێك، بە ڕەچاوكردنی باوەڕی، وردبینی، بابەتیبوون، هاوسەنگیی دادپەروەری و پاراستنی ڕۆشنبیریی كۆمەڵگە لە ئامرازەكانی میدیای ئەلیكترۆنیدا.

### 4- پێگە ئەلیكترۆنییەكان(websites):

پێگەی ئەلیكترۆنی بریتییە لە كۆمەڵێك بەڵگەنامە و دۆكیۆمێنت و دۆسیە و دەقی نووسراو؛ هەندێك جاریش دەكرێت لە لاپەڕەیەك یاخود بەڵگەنامەیەك بە یەكێك لە زمانەكانی پرۆگرامسازیی بەكارهێنراو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ئینتەرنێت پێکهاتبێت. پێگە ئەلیکترۆنییەکانیش جۆراوجۆرن. بەگوێرەی گرنگی، ئەرك و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی بەکارهێنەرەکەی دەکات جیاوازن، بە کۆمەڵەی ئەو پێگە ئەلیکترۆنییانەش کە جێگەی گرنگیی جۆراوجۆرن دەگوترێت وێب

**5- ئێتیکی پیشەیی (Professional ethics):**

بریتییە لە ژمارەیەك بەها و بنەما، کە میدیاکار لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ میدیایی ئەلیکترۆنی پێیەوە پابەندە؛ وردی لە بڵاوکردنەوە و بەدواداچوون بەر لە بڵاوکردنەوە، هاوسەنگی و بێلایەنی و، پارێزگاری لە مافی خاوەندارێتی لەخۆ دەگرێت.

## سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

1-(Nasir, 2014) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی"Role of Digital Media Ethics and the Media A case study of Pakistan*"دا، ئەنجامی داوە، بەمەبەستی باشترکردنی پێوەرەکانی زانیاری و پەروەردە و فێربوون و بەختیاری و بەرفراوانکردنی بەربژێری لەبەردەستی خەڵکی پاکستان لە ئامرازەکانی میدیا، بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان لەسەر هەواڵەکان، لایەنی مەعریفەی دینی، هونەری، کەلتووری، زانست و تەکنەلۆژیا و گەشەپێدانی ئابووری و لایەنی کۆمەڵایەتی و مۆسیقا و وەرزش و دراما و ...هتد، ئاسانکاری لە گواستنەوەی بەرپرسیارێتی و دەسەڵات بۆ بنکەی جەماوەری بە رێگەی گەیشتنی خەڵك بە ئامرازەکانی میدیا لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و بۆ زەمانەتکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە و دەسەڵاتی باش لە رێگەی بڵاوبوونەوەی زانیاری بە شێوەیەکی ئازاد. توێژینەوەیەکی حاڵەیە، میتودی شیکردنەوە لە رێگەی تێبینی تویژینەوەکەی ئەنجام داوە. کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکەی ئامرازەکانی میدیا لە پاکستان (رۆژنامە و تەلەڤزیۆن و میدیای ئەلیکترۆنی) پێکهاتوون.

* سەبارەت بە رۆڵی میدیا و ئیتیکی میدیای ئەلیکترۆنی: توێژینەوەی باری کەسی (دراسه الحاله) لە پاکستاندا.

## دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:

لەگەڵ ئەوەی هەندێك گرینگی بە نووسینی یاساکانی رێکخستنی ئاکار و ئیتیکی ئەلیکترۆنی (تەلەفزیۆن) دراوە لە پاکستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئەمە بە هەوڵی کۆتایی لەلایەن وەزارەتی میدیا و رادیۆ لە حکومەتی پاکستان دابنێین؛ بەڵام دارِشتنی یاسا و نووسینی رەفتارەکان بەس نین هەتاوەکو نەبێتە حاڵەتی جێبەجێکردنیان. هەندێك لە یاساکان بۆ دڵخۆشکردنی جەماوەر بە شێوەیەکی گشتی نووسراون، بەڵام جێبەجێکردنیان بەراستی ئەستەمە. هیچ کەسێك هەست بە ئاسایش و رێزگرتن ناکات ئەگەر هات و یاسا و رێساکان نەکەوتنە بواری جێبەجێکردن بە شێوەیەکی ئەکتیف لە هەموو بوارەکاندا، هەر لەسەر ئاستی سەرەوە هەتاوەکو ئاستی خوارەوە و، دەبێت هەموو سروشت و رەگەزەکانی یاساکان لەخۆ بگرێ و نابێت ئاسانکاریش بۆ هیچ کەسێك بکرێت.
لە پاکستان، بە نزیکەی 100 کەناڵی تەلەڤزیۆن، بە نزیکەی 30-40 کەناڵی رادیۆی ئیف ئێم، زیاتر لە 500 کێبڵی ئینتەرنێتی بەردەست و سەدان گۆڤار و رۆژنامە هەن کە هەموویان کاریان بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەرنامەی تەرفیهی و بەرنامەی خزمەتگوزارییە، بەڵام تاکو ئێستا پێوستییەکی زۆر گرنگ هەیە بۆ چاکردنی جۆری پێشکەشکردنەکانیان و ئەدایان لە رووی جێبەجێکردنی یاسا و نووسراوەکانی رەفتاری لە ناوەرۆك و رۆحییەوە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەکان و هەواڵ بە شێوەیەکی زیاتر واقیعانەتر و باشتر و، زیاتر زانیاریی بەپێزی تێدا بێت و بیگەیەنێتە جەماوەر.
سوودەکانی ئەم توێژینەوەیە: هاوکار بووە بۆ گەڵالەکردنی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە لایەنی کیشەی توێژینەوە و ئامانجەکانی تویژینەوە. هەروەها سوودێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە زۆرێك لە سەرچاوە و ژێدەری گرنگ و پڕ بها، کە سوودیان لە دارِشتنی لایەنی تیۆریی ئەم توێژینەوەیەدا هەبووە.

**2-(خليفة، 2015) توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی"اتجاهات النخبة الاعلامية نحو التزام المواقع الاخبارية الفلسطينية باخلاقيات المهنة/ دراسة ميدانية"دا،** لە فەڵەستین ئەنجامی داوە، بەمەبەستی ئاشکراکردنی گرنگترین پێگە هەواڵییەکانی فەڵەستینی کە دەستەبژێری میدیا چاودێریی دەکەن. وەستان لەسەر رادەی پابەندبوونی پێگە هەواڵە فەڵەستینییەکان بە ئیتیکە

پیشەییەکان لە گۆشەنیگای دەستەبژێری میدیاییەوە و، زانینی رادەی پابەندبوونی پێگە هەواڵییەکانی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و یاسایی و پیشەییان لە روانگەی دەستەبژێری میدیاییەوە. هەروەها زانینی جۆری ئەو پێشێلکارییانەی پێگە هەواڵییەکان سەبارەت بە ئیتیکی پیشەیی دەکەون.
ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە. توێژەر تێیدا میتۆدی رووپێوی و ئامرازی پرسیارنامەی بەکار هێناوە، رووپێوی جەماوەری تایبەتی کردووە، کە پێك دێن لە دەستەبژێری میدیایی کە ئەکادیمییەکانی ئەو زانکۆ و کۆلێژە سەرەکییانەی وانەی میدیا دەڵێنەوە لە کەرتی غەزە، لە وەرزی یەکەمی خوێندنی ساڵی ٢٠١٥ تۆمار کراون و، ژمارەیان دەگاتە ٧٥ ئەکادیمی، وێڕای ئەو رۆژنامەنووسانە ئەکادیمییانەی ١٥ساڵیان بەڕێ کردووە لەم پیشەیەدا. ئەوانەشی لە کەرتی غەزەن، لە ماوەی کاری توێژینەوەکە وەڵامی پرسیارنامەکەیان داوەتەوە، کە ژمارەیان ٧٩ رۆژنامەنووسە؛ بەمەش کۆی گشتی ١٥٤ کەسن. ئەو تیۆرەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتووە بریتییە لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی.

**دیارترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

1- ئەم توێژینەوە ئاشکرای کردووە، کە ئامرازەکانی چاودێریی پێگە هەواڵییەکان لەلایەن دەستەبژێری میدیایی بۆ پێگە هەواڵییەکانی، بە پلە یەك بریتییە لەچاودێریکردنی هەواڵ بە شێوەیەکی رێکوپێك؛ ئینجا پەرەسەندنە سیاسییەکان و، زانینی واقیعی فەلەستینی و نێودەوڵەتی؛ ئینجا بە رێژەیەکی کەمتر خوێندنەوەی شیکارەکانی پەیوەست بە رووداوەکانی رۆژانە و چاودێریی راپۆرتە مرۆییەکان دێن؛ پاشان زانینی شێوازەکانی رووماڵ و چاودێریی هەواڵەکانی نیشتمانی عەرەبی بە رێژەیەکی کەم دێت؛ بە رێژەیەکی زۆر کەمتر زاخاوی مێشك و تەرفیهی دێن.

2-ئەنجامەکانی توێژینەوە گوزارشت لە دابەزینی رێژەی پابەندبوون دەکەن بە دەستپاکی و راستگۆیی و بابەتیبوون و وردبینی. پێشێلکاریی ئاشکرا هەیە لە ئیتیکی پیشەیی، وێڕای لاوازیی پابەندبوون بە جیاکردنەوەی نێوان هەواڵ و رای تایبەت لە پێگەکان و خستنەڕووی گشت رایەکانی پەیوەست بە بابەتەکە. هەروەها رێژەی لەبەرچاوگرتنی نمایشی هەواڵ بەبێ زەقکردنەوە و پارچەپارچەکردنی، زۆر کەمە.

3-ئەنجامەکانی توێژینەوە گوزارشت لە دابەزینی رێژەی پابەندبوون دەکەن بە دەستپاکی و راستگۆیی و بابەتیبوون و وردبینی. پێشێلکاریی ئاشکرا هەیە لە ئیتیکی پیشەیی، وێڕای لاوازیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پابەندبوون بە جیاکردنەوەی نێوان هەواڵ و رای تایبەت لە پێگەکان و خستنەڕووی گشت رایەکانی پەیوەست بە بابەتەکە. هەروەها رێژەی لەبەرچاوگرتنی نمایشی هەواڵ بەبێ زەقکردنەوە وپارچە پارچەکردنی، زۆر کەمە.

سوودەکانی ئەم توێژینەوەیە: لە دارِشتنی رەهەند و چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو سەرچاوەیەکی بە سوود بوو بۆ بەرچاوڕوونیی توێژەر. سوودێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە هاوکار بووە لە دیاریکردنی بابەتی ئاراستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە رادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا. سەرەڕای ئەمەش دەروازیەك بوون بۆ زیاتر ئاشنابوون و پەیداکردنی شارەزایی لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەم بوارە.

**3 -(صالح د،، 2019) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی"اتجاهات الأكاديميين إزاء الصحافة الورقية في ظل صحافة الإنترنت- دراسة ميدانية على أساتذة كليتي الإعلام في جامعتي بغداد والعراقية"،** هەوڵی داوە ئاراستەکانی ئەکادیمییە پسپۆڕەکان بزانێ لە بواری رۆژنامەنووسی و میدیا؛ میدیای کاغەزی لە بەرامبەر پەرەسەندنی بەردەوام و بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی میدیایی ئینتەرنێت. بەمەبەستی زانینی ئاراستەکانی ئەکادیمییە پسپۆڕەکانی میدیا رووەو رۆژنامەنووسی کاغەزی لە بەرامبەر میدیای ئینتەرنێت، بە گوێرەی گۆڕاوی رەگەز. زانینی دەلالەتی جیاوازی لە ئاراستەکانی ئەکادیمییە پسپۆڕەکانی میدیا رووەو میدیای کاغەزی لە بەرامبەر میدیای ئینتەرنێت، بە گوێرەی گۆڕاوی زانکۆ (بغداد، العراقية) و زانینی دەلالەتی جیاوازی لە ئاراستەکانی ئەکادیمیە پسپۆڕەکانی میدیا رووەو میدیایی کاغەزی لە بەرامبەر میدیای ئینتەرنێت، بە گوێرەی گۆڕاوی بڕوانامە (ماجستێر، دکتۆرا).

ئەم توێژینەوەیە وەسفییە و پشتی بە میتۆدی رووپێوی بەستووە. بۆ کورتکردنەوەی داتا و زانیاری و فۆرمی راپرسیی بەکار هێناوە؛ فۆرمەکەشی دابەش کردۆتە سەر نموونەی توێژراو کە ژمارەیان (110) توێژراو بوون لە پرۆفیسۆرە وانەبێژەکانی هەردوو کۆلێژی راگەیاندن لە زانکۆی بەغدا و عێراقیە.

لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتوون، بریتین لە:

1-نموونەی توێژینەوەکە ئاراستەیەکی ئەرێنیی هەبوو رووەو میدیای ئینتەرنێتی لەسەر حسێبی میدیایی کاغەزی.

2 ـ جیاوازیی رەگەز کاریگەریی نەبوو لەسەر ئاراستەکانی توێژراوان؛ هیچ جیاوازییەکی بەرچاوی ئاماری نەبوو، بە گوێرەی گۆڕاوەکانی زانکۆ و بڕوانامە و پسپۆڕی.

3ـ بوونی جیاوازیی زەقی ئاماری لە ئاراستەکانی ئەکادیمییە پسپۆڕەکانی میدیا بە ئاراستەی میدیای ئینتەرنێت لە بەرژەوەندیی رادیۆ و تەلەفزیۆن، کە پسپۆڕانی رادیۆ و تەلەڤزیۆن ئاراستەیەکی زۆر ئەرێنییان رووەو میدیای ئەلیکترۆنی هەبوو.

سوودەکانی ئەم تویژینەوەیە بۆ تویژینەوەکەی ئێمە ئەوەیە کە یارمەتیدەر بووە بۆ توێژەر لە داڕشتنی بڕگە و پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی. سوودێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە لە ڕووی بەکارهێنانی میتودەوە سوودێکی زۆری بۆ ئەم تویژینەویە هەبوو.

## باسی دووەم: ئیتیکی پیشەیی و پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

### یەکەم: ئیتیکی پیشەی لە میدیایی ئەلیکترۆنیدا

لە سایەی بڵاوبوونەوەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و زیادبوونی جەماوەرەکەی، پرسی پەیوەستبوونی ئیتیکی میدیای ئەلیکترۆنی بە بنەمای ئیتیکی، پێویستییەکی حەتمییە و ناکرێت دەستبەرداری ببین. هەڵبەت، میدیای ئەلیکترۆنی هەمان ئیتیکی میدیایی گشتییە کەوا لە دامەزراوەکانی میدیا و کۆمیونیکەیشنی جەماوەری کلاسیکییە. سەرباری بوونی جیاوازییەکی بەرچاو لە سروشتی کاری میدیای ئەلیکترۆنی و کلاسیکیدا؛ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە میدیای ئەلیکترۆنی پەیوەست نەبێت بە بنەما ئیتیکییەکان.

ئەو بنەما ئیتیکییانە بریتین لە کۆمەڵێك بەها، کە کاری میدیای ئاراستە دەکەن و، سنووری کارەکەی ڕێك دەخەن. ئەم بنەما ئیتیکییانەش لەسەر کۆمەڵێك بەهای کەسایەتی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و ئیتیکی بنیات دەنرێت؛ هاوکات پەیوەستە بە بەرپرسیارێتیی میدیایی بنەڕەتی؛ ئەم بەرپرسیاریەتەش

دەکەوێتە ئەستۆی میدیاکاران لە ساتی گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ بە شێوەیەکی ورد و دروست و بە ویژدان و ئەمانەت و ڕاستگۆییەوە (قريعي، 2018: 187).

لەم سۆنگەیەوە، تیشکخستنە سەر ڕەهەندی ئیتیکی لەلایەن میدیای ئەلیکترۆنییەوە بە پیرۆزترین ئەرکەکانی هەژمار دەکرێت. میدیای ئەلیکترۆنی بەرپرسە بەرامبەر جەماوەر، دواتر بەرپرسە بەرامبەر کۆمەڵگە (سمرة، 2009: 206-207). هەڵبەت بەرپرسیارێتیی ئیتیکیی زۆر گەورەی لەسەرە، لە میانەی قەبەکردنی هەواڵ و زانیارییەکان؛ یان شاردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە جەماوەردا، کە ئەمەش بە قێزەوەنترین یاریکردن بە ئەقڵی مرۆڤ هەژمار دەکرێت؛ هاوکات بە قێزەونترین کرداری لێڵکردن و بەلاڕێبردن و پێشێلکردن دێت، کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئیتیکی پیشەیی میدیاکاری یەکتر ناگرێتەوە. "برکۆڤ" (Brkov)یش جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە و دەڵێ: ئیتیکی میدیایی، کۆمەڵە بنەما و پێوەرێکی ئاکاری و میدیایی پەیوەست بە ڕەفتار و شکۆ و ناوبانگ و شەرەفی پیشەیی کەسی میدیاکارەوە هەیە؛ بە شێوەیەکی گشتیش مافەکانی میدیاکار و سروشتی پیشەکەیان لەبەرچاو دەگرێ، ئەوجا بەرژەوەندی و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە (عومەر، 2012: 46)، لەبەر ئەوەی پابەندنەبوونی میدیای ئەلیکترۆنی بە ئیتیکی پیشەیی میدیایی مەترسییەکی گەورە لەسەر کۆمەڵگە و، پراکتیزەی کاری میدیایی لەسەر ئینتەرنێت دروست دەکات، هاوکات گەر میدیای ئەلیکترۆنی پەیوەست بێت بە ئیتیکی میدیایی کەشێکی پڕ لە متمانە لە نێوان خۆی و جەماوەر دروست دەکات؛ بەم جۆرە لە گەیاندنی پەیامەکەی بۆ جەماوەر سەرکەوتوو دەبێت.

بۆیە لە بواری وردبینییەوە پەیمانگای "پونیتەر" ئەوە دەردەخات کە نووسەرانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان پەیمان دەدەن کە هەمیشە زانیارییەکان ڕاست و دروستن و بەبەردەوامیش نوێ دەکرێنەوە. ئەوانەی پەیوەستن بەو کارانە پێگیری بەوە دەکەن، کە پێش ئەوەی زانیارییەکان بڵاو بکەنەوە زانیارییەکان هەڵدەسەنگێنن؛ بەتایبەتی لە ڕووی وردبینی و پسپۆرییەکی باشەوە پێشکەوتووترین پێوەری تێدا بەکار دەهێنن (رضا، 2012: 24).

بوونی ئیتیکی میدیایی، کاری میدیایی پوخت دەکات و، چەندین ئامانجی ئینتەرنێتی دێنێتە ئاراوە لە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان و، زانیارییەکان و، خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی لە کەشێکی پڕ لە ئازادیی ڕادەربڕین و بیر و، دروستکردنی یاسا و ڕێسای پتەو بۆ هۆشیاربوونەوە زاڵکردنی ئەقڵ و،

ڕەسانەیەتیکردنی ویژدانی میدیایی بۆ هەموو ئەوانەی لەم جۆرە ڕۆژنامانە کار دەکەن، هەموو ئەمانەش دێتە دی، ساتێ میدیاکاران مل نەدەنە ئەو پاڵەپەستۆیانەی کە ڕۆژنامەکانیان بەرەو هەڵدێر دەبات (المشابقة،2012: 100)، چونکە"وەك ئەسڵێك، میدیاکار هەرچەند ژیانی دابینتر بێت، بۆ پاراستنی ئەسڵە ئیتیکییەکان ئامادەیی زیاتری هەیە" (راندال، 2013: 188).

دەتوانین بڵێین پەیوەستبوونی میدیای ئەلیکترۆنی بە یاسا و ڕێساکانی ئیتیکی، تاکە ڕێگەی گرنگە بۆ پارێزگاریکردن لە پیرۆزیی کاری میدیایی و، ناوبانگی و سەرکەوتوویی خودی میدیاکار و ئەو میدیایەی کە کاری تێدا دەکات؛ هەروەها گەرەنتی بەردەوامیی سەرکەوتووی کاری میدیاکار دەکات لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆیدا. بۆیە پەیوەستبوون بە یاسا و ڕێساکانی ئیتیکی، پێویستییەکی حەتمییە بۆ سەرکەوتوویی و بەردەوامبوونی کاری میدیایی لەسەر ئینتەرنێت، بەرەنگاڵەیی شێوە و قۆناغەکانییەوە.

"کوین و لامبل" دەڵێن: ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە سەرچاوەی زۆر باش بۆ میدیاکاران دادەنرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامیدان بەو شۆڕشەی کە ئێمە لە ڕێگەیەوە دەتوانین پەیوەندی بکەین و بەدوای شتەکان بگەڕێین، بەڵام ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکانیش وەك هەر شتێکی تر لە ژیاندا، لایەنی باشی و خراپی خۆی هەیە. زۆر جار ئەستەمە شتەکان لێکجیا بکەیتەوە. لە واقعدا لەو کاتەی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بوونەتە گەنجینە یان کەنز بۆ ڕۆژنەمەنووسان، لە هەمان کاتیشدا وەك کێڵگەیەکی مین وایە لەڕووی یاساییەوە (Quinn & Lamble, 2008: 127)

ئیتیکی پیشەی میدیایی وا دەکات، چاودێریکردنی بەربەستێکی خودی بێت؛ وا لە میدیاکار دەکات خاوەن ویژدان بێت و، هەوڵی وەرگرتنی زانیاری و هەواڵی دروست لە سەرچاوەی خاوەن میسداقیەتی دروست بدات؛ تاوەکو متمانەی جەماوەر بۆ خۆی بەدەست بێنیت. هەستکردنی میدیاکار بە بەرپرسیارێتی، ناکرێت هەمیشە بخرێتە ژێر هێزی یاساوە؛ بەڵکو لە چاودێریکردنی ویژدانی خۆی و، پەیوەستبوونی بە پێوەرە پیشەییە باڵاکانەوە دێت. چەندە میدیاکار ڕاستگۆ بێ لەگەڵ پیشەکەی و، پیشەکەی خۆی خۆش بوێت و، پەیوەست بێ بە یاسا و ڕێساکانی میدیایی، ئەوەندە متمانەی خەڵك بەدەست دەهێنێت؛ جا ئەم متمانەیە لە شوێنی کارەکەی، یان جەماوەر بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئیتیکی میدیایی لە کارە بنەڕەتییەکانی کاری میدیایی دادەنرێت لە میدیای ئەلیکترۆنیدا؛ چونکە ئەو کەموکوڕییەی پردەکاتەوە کە لە دەرەنجامی زاڵبوونی پەیامەکانی ئازادیی ڕەها هاتوونەتە ئاراوە و، بووەتە هۆی ئەوەی هەندێك لە ڕۆژنامەکان ئەم هەلە بقۆزنەوە و، کاری میدیایی بەرەو هەڵدێری ئیتیکی ببەن.

## دووەم: پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

### 1-2- پێگەی پۆرتاڵی ڕووداو:

پێگەی ڕووداو لە ساڵی 2008 دامەزراوە. هەروەکو لە بەشی ناساندنی پێگەی ڕووداو هاتووە:" کۆمپانیای ڕووداو بۆ کاروباری میدیایی، لە ساڵی2008 دامەزراوە...پێگەی ڕووداویش لە هەمان کاتدا دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد. یەکەم بەرێوەبەری پێگەکە "ئاکۆ محەممەد" بوو (پۆرتالی ڕووداو، 2020)، بەڵام لە ساڵي 2013 گۆڕانکاری بەسەر پێگەکە دێت و بە ناوی دیجیتاڵ پۆڕتاڵی ڕووداو دەست بە وەشانی خۆی دەکات (شوانی، 2020: 145). ئێستا لە لایەن "هێمن لەهونی"یەوە بەڕێوەدەبرێت.
پێگەی ڕووداو لە لای ڕاستی, لۆگۆی خۆی داناوە. لە سەڕووی لۆگۆیەکە ئاماژە بە زمانەکانی: (کوردی (سۆرانی و کرمانجی(لاتینی)، ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی دەکات، کە بابەتەکانی خۆی پێ بڵاو دەکاتەوە.

### 5-2- پێگەی دیجیتاڵ میدیای ئەلیکترۆنیی (NRT- ئێن ئاڕ تی)

دوانگەی سەرەکیی سەرجەم بەرهەمەکانی دامەزراوەی میدیایی نالیایە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەروەختی نەبوونی، یان دەگمەنیی تۆڕێکی ڕاگەیاندنی پیشەیی بەرپرسیار لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا. لە ساڵی ٢٠١٠دا بە دروشمی"ڕاستگۆیی، هاوسەنگی، بوێری"، دەستەیەک لە میدیاکارانیی ناحزبیی سەربەخۆ لە کارنامە و ئایدۆلۆژیایەکی دیارییکراو؛ بەئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە میدیاییە دەرکەوتن و کەوتنە کارکردن (پێگەی ئێن ئارتی، 2020). بارەگای لە شاری "سلێمانی"یە لەناو گوندی ئەڵمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیجیتاڵ میدیای (ئێن ئارِ تی)؛ دوانگەیەکی سەرەکیی ئەلیکترۆنییە لە شەش پێگە و دوو ئەپلیکەیشن پێک هاتووە و بە زمانەکانی کوردی (سۆرانی، بادینی، لاتینی) و عەرەبی و ئینگلیزی پەخش دەکات و لە ساڵی ٢٠١١دا دامەزراوە (پێگەی ئێن ئارتی، 2020).. هەر لە سەرەتاوە وەک بەشێکی سەربەخۆ و پێگەیەکی هەواڵی کاری دەکرد. ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کەناڵەکە و فراوانکردنی سەرجەم پێگەکانی لە دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارِ تی کۆ کرانەوە و وەک بەشێکی سەربەخۆ لەناو ژووری هەواڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت (رێبوار ئەورەحمان، 2020).

## باسی سێیەم: لایەنی شیکاری توێژینەوە

### 1- بابەتە سیاسییەکان:

خشتەی(1) بابەتە سیاسییەکان لە هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا روون دەکاتەوە

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییەکان / جۆری بابەت | ڕووداو | | ئێن ئارِ تی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| 1 | ململانێ سیاسییەکان | 106 | 29.3 | 126 | 27.7 | 232 | %28.2 |
| 2 | دوو ئیدارەیی و پرسی لامەرکەزی | 2 | 0.6 | 4 | 0.9 | 6 | %0.7 |
| 3 | پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا | 32 | 8.8 | 88 | 19.3 | 121 | %14.7 |
| 4 | پەیوەندی نێوان هەرێم و وڵاتانی ناوچەکە (ئێران، سوریا و تورکیا) | 11 | 3.0 | 19 | 4.2 | 30 | %3.6 |
| 5 | پەیوەندی نێوان هەرێم و پەکەکە | 1 | 0.3 | 7 | 1.5 | 8 | %1.0 |
| 6 | گەندەڵی و چاکسازی | 18 | 5.0 | 20 | 4.4 | 38 | %4.6 |
| 7 | خۆپیشاندان و نارەزایی خەڵک | 15 | 4.1 | 19 | 4.2 | 28 | %3.4 |
| 8 | کەیسی رۆژنامەنووسان و چالاکوانی مافی مرۆڤ | 4 | 1.1 | 13 | 2.9 | 17 | %2.1 |
| 9 | پرسی تیرۆریزم | 41 | 11.3 | 81 | 17.8 | 122 | %14.8 |
| 10 | دۆخی ئاوارەکان | 14 | 3.9 | 4 | 0.9 | 18 | %2.2 |
| 11 | پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان | 34 | 11.9 | 10 | 2.2 | 44 | %5.3 |
| 12 | هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق | 19 | 5.2 | 18 | 4.0 | 37 | %4.5 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | کێشەی پرۆژە یاسای بوودجە و مووچە | 56 | 15.5 | 46 | 27.7 | 122 | %14.8 |
| | کۆی گشتی | 362 | 100 | 455 | 100 | 823 | 100 |

لەم خشتەیە بابەتە سیاسییەکان لە هەواڵی پێگەی ئەلیکترۆنییە لە پێگەکانی "رووداو" و "ئێن ئارتی" دەخاتە روو؛ لە پلەی یەکەمدا بابەتی "ململانێ سیاسییەکان" بە رێژەی (28.2%) لە ناوەڕۆکی هەواڵی هەردوو پێگەکە دێت. هەر دوو بڕگەی "پرسی تیرۆریزم" و "کێشەی پرۆژە یاسایی بودجە و موچە" بە رێژەی (14.8%) لە پلەی دووەمدا دێن. بڕگەی "پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا" بە رێژەی (14.7%) لە پلەی سێیەمدا دێت. بڕگەی "پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان" بە رێژەی (5.3%) لە پلەی چوارەمدا دێت. ئینجا هەواڵەکانی دیکە پلەکانی تریان وەرگرتووە.

لێرەدا روون دەبێتەوە کە جۆری هەواڵەکانی ململانێی سیاسیی، پرسی تیرۆریزم، کێشەی پرۆژە یاسایی بودجە و مووچە و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان زۆرترین پانتایی لە ناوەڕۆکی هەواڵی رووماڵی نێو هەر دوو پێگەکە بۆ خۆیان فەراهەم کردووە. بە ڕای توێژەر ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی نەخوازراوی ململانێ سیاسیی نێوخۆیی، ئابووری و تیرۆرستی دا بووە، بۆیە ئەم بابەتانە بوونەتە هەواڵی گەرمی نێو پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانی "رووداو" و "ئێن ئارتی"؛ سەرەڕای ئەوەی رووداوەکان پەیوەست بوون بە دۆخی حکوومەت و جەماوەر.

ئەوەی جێگا ئاماژەیە لە هەواڵەکانی تایبەت بە بواری "ململانێ سیاسییەکان" پێگەی "ئێن ئار تی" پەیوەست نەبووە بە ئێتیکی پیشەیی، بۆ نموونە لە هەواڵی بە سەردێری "شەڕە بۆکس لە نێوان پەرلەمانتارێکی کورد و پەرلەمانتارێکی شیعەدا دروستبوو"، ئەم رستەیە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا سێ جار دووبارە کراوەتەوە، بێ ئەوەی رای پەرلەمانتارەکە بۆ راستی و دروستی هەواڵەکە وەربگرێت، بەڵام لە پێگەی رووداو دا، ئەم هەواڵە بە سەردێری "شەڕە قسە لە نێوان پەرلەمانتارێکی کورد و شیعە دروست دەبێت" بڵاوکراوەتەوە، رای پەرلەمانتارەکە وەرگیراوە و ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ شەڕە بۆکسێك لە نێوانیان روویی نەداوە وەك دەڵێ: "گرژییەکەش تەنیا بە قسە بووە، هیچ جۆرە بەریەککەوتنێک رووینەداوە". بۆ پیشەیی بوونی میدیایی لەگەڵ هەواڵەکە ڤیدیۆی دەقی قسەکانی داناوە. هەروەها لە پێگەی "ئێن ئارتی" هەواڵی بە سەردێری (ئاریان تاوگۆزی: ئەو پارەیەی بەغدا بۆ موچەی دەنێرێت پارتی و یەکێتی دەیدزن"، لە سەردێرەکەدا، هاندان تێدایە، تەنانەت وشەی (دەیدزن)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە سەردێر بەکارهێناوە، واتە نەتوانراوە بە شێوەیەکی پیشەیانە رەفتار لەگەڵ هەواڵەکە بکات. خۆی لە دەستەواژەی نەگونجاو رزگار بکات.

**2- بابەتە کۆمەڵایەتییەکان**

خشتەی (2) بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا روون دەکاتەوە

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییەکان / بابەتی نێو هەواڵەکان | ڕووداو | | ئێن ئاڕ تی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| 1 | توندوتیژی خێزانی | 13 | 4.0 | 10 | 4.0 | 23 | %4.0 |
| 2 | کوشتن، مردن و خۆکوشتن | 72 | 22.1 | 83 | 32.8 | 155 | %26.8 |
| 3 | بێکاری و هەژاری | 15 | 4.6 | 13 | 5.1 | 28 | %4.8 |
| 4 | بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر | 8 | 2.5 | 3 | 1.2 | 11 | %1.9 |
| 5 | مافی ئافرەت | 7 | 2.1 | 3 | 1.2 | 10 | %1.7 |
| 6 | خاوەن پێداویستی تایبەت | 4 | 1.2 | 1 | 0.4 | 5 | %0.9 |
| 7 | کەمی خزمەتگوزاری | 46 | 14.1 | 20 | 7.9 | 66 | %11.4 |
| 8 | ئاریشەکانی گەنج | 11 | 3.4 | 11 | 4.3 | 22 | %3.8 |
| 9 | دەستگیرکردن و سزادان | 31 | 9.5 | 40 | 15.8 | 71 | %12.3 |
| 10 | پرس و رێژەی تەڵاق | 1 | 0.3 | 0 | 0.0 | 1 | %0.2 |
| 11 | کێشەی تیرەگەری و عەشایەری | 1 | 0.3 | 1 | 0.4 | 2 | %0.3 |
| 12 | جەژن و بۆنەکان | 48 | 14.7 | 31 | 12.3 | 79 | %13.6 |
| 13 | سواڵکردن | 4 | 1.2 | 0 | 0.0 | 4 | %0.7 |
| 14 | دزیکردن و ساختەکردنی پارە | 18 | 5.5 | 3 | 1.2 | 21 | %3.6 |
| 15 | ڕووداوەکانی هاتووچۆ | 23 | 7.1 | 27 | 10.7 | 50 | %8.6 |
| 16 | فڕێدانی منداڵان و لە باربردن | 3 | 0.9 | 1 | 0.4 | 4 | %0.7 |
| 17 | پرسە و سەرەخۆشی | 12 | 3.7 | 5 | 2.0 | 17 | %2.9 |
| 18 | ڕووداوی تەقینەوەی مین | 9 | 2.8 | 1 | 0.4 | 10 | %1.7 |
| | کۆی گشتی | 326 | 100 | 253 | 100 | 579 | 100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم خشتەیەدا، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەنێو هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا خراوەتە ڕوو. هەواڵە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە "کوشتن، مردن و خۆکوشتن" بە ڕێژەی (26.8%) لە پلەی یەکەمدا دێت. دواتر هەواڵی "جەژن و بۆنەکان" بە ڕێژەی (13.6%) پلەی دووەمی وەرگرتووە. هەواڵەکانی پەیوەست بە "دەستگیرکردن و سزادان" بە ڕێژەی (12.3%) لە پلەی سێیەمدایە. هەواڵەکاتی تایبەت بە "کەمی خزمەتگوزاری" بە ڕێژەی (11.4%) بە پلەی چوارەم دێن، دواتر هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەم ئەنجامانەی سەرەوە ڕوونیدەکاتەوە، کە هەر دوو پێگەی ئەلیکترۆنی "ڕووداو" و "ئێن ئارِ تی" زیاتر فۆکەسیان خستۆتە سەر پرسەکانی پەیوەست بە "کوشتن، مردن و خۆکوشتن"، "کەمی خزمەتگۆزاری"، "جەژن و بۆنەکان" و "دەستگیرکردن و سزادان" لە کوردستاندا؛ لەبەر ئەوەی لەم ماوەیەدا زۆریك لەو بابەتانە روویدان، بەتایبەتی کاری کوشتن و خۆکۆشتن.

هەر دوو پێگە؛ واتە، ڕووداو و ئێن ئارتی لە بڵاوکردنەوەی هەندێ لە هەواڵەکانی کۆمەڵایەتییدا پەیڕەوی ئیتیکی پیشەیان نەکردووە، هەوڵیانداوە زیاتر بابەتەکە بورووژێنن. ئەگەر بڕوانینە ئەم ناونیشانەی لە پێگەی ڕووداو هاتووە "وردەکاریی شەڕی بازگەی تاسڵوجە؛ ئەو ئاسایشەی کوژراوە 'چەقۆ لەسەر دڵی' دراوە"؛ دەستەواژەی 'چەقۆ لەسەر دڵی' زەقکردۆتەوە خستۆیەتی نێو دوو کەوانە، دەکرا بۆ ئەوەی ورووژاندن تێدا نەبێ بنووسرایە "لە شەڕی بازگەی تاسڵوجە؛ کەسێك کوژراو"؛ هەروەها پێگەی "ئین ئارِ تی" لە گواستنەوەی هەمان هەواڵ هەوڵیداوە هەواڵەکە بورووژێنێ کە تیایدا هاتووە "ئەو ئاسایشەی لە تاسڵوجە گیانی لەدەستدا کوڕە شەهید و تاقانەیە"، بەکارهێنانی دەستەواژەی "کوڕە شەهید و تاقانەیە" بەمەبەست بووە بۆ ئەوەی زیاتر ڕووداوەکە گەورە بکات بۆ ئاژاوە هێنانەوە لەنێو کۆمەڵگەدا، ئەمەش دەردەکەوێت کە هەردوو پێگەکە پەیوەست نەبوونە بە ئیتیکی پیشەیی لە رووی رووماڵکردنی میدیایدا. تەنانەت پێگەی "ئێن ئارِ تی" وێنە و "ڕووداو" وێنە و ڤیدیۆی کۆژراوەکەیان داناوە. لە هەواڵیکی دیکەی "ڕووداو" بە سەردێری "لە هەولێر باوکێک کوڕەکەی خۆی دەکوژێت"، لەگەڵ هەواڵەکە وێنەی کۆژراوەکەی داناوە، لە پێگەی "ئێن ئارِ تی" لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بە سەردێری "پۆلیس: باوکێک کوڕەکەی کوشت" لەم هەواڵەدا پێگەی "ئێن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئارِ تی" هەواڵیداوە پەیرەوی ئیتیکی بکات وێنەی کوژراوەکەی دانەناوە، تەنیا لەنێو چوارچێوەیەکدا بە رەنگی سوور لێی نووسراوە (هەواڵ)، بێ ئەوەی ئاماژە بە وێنەکە بکات.

### 3- ئاراستەی خستنەڕووی هەواڵەکان:

خشتەی(3) ئاراستەی خستنەڕووی هەواڵەکان لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا روون دەکاتەوە.

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییەکان / ئاراستەی خستنەڕووی هەواڵەکان | ڕووداو | | ئێن ئارِ تی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| 1 | لایەنگیر | 12 | 1.7 | 132 | 18.6 | 144 | %10.3 |
| 2 | بێلایەن | 676 | 98.3 | 543 | 76.7 | 1219 | %87.3 |
| 3 | دژ | 0 | 0.0 | 33 | 4.7 | 33 | %2.4 |
| | کۆی گشتی | 688 | 100 | 708 | 100 | 1396 | 100 |

لەم خشتەیەدا ئاراستەی خستنە رووی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوە لە نێوان هەردوو پێگەدا دەخاتەڕوو، بە شێوەیەکی گشتی هەردوو پێگەکە لە خستنە رووی زۆربەی هەواڵەکان بێلایەن بوون بە رێژەی (%87.3). برگەی "لایەنگیر"ی لە پلەی دووەمدا دێت بە رێژەی (%10.3). برگەی "دژ" بە رێژەی (%2.4) لە پلەی سێیەمدایە.

ئەوەی لە ئاراستەی گشتی هەردوو پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکە بەدی دەکرێت لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکان بە شێوەیەکی بێلایەنانە کردوویانە، ئەمەش بە خاڵێکی وەرچەرخان لە کاری میدیایی هەردوو پێگەیە دادەنرێن، بەڵام ئەمە مانایی ئەوە نییە، کە لایەنگیری و دژایەتی لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکانیاندا، بە تایبەتی پێگەی "ئێن ئارِ تی" کە لایەنگیری و دژایەتی لەنێو ڕووماڵکردنی هەواڵەکاندا هەیە؛ بۆ نموونە لە هەواڵێکی "ئێن ئارِ تی" بە سەردێری "هەرەشە لە مەسعود بارزانی کرا"، بۆ ئەم هەواڵە سوود لە تویتەر وەرگرتووە، بێ ئەوەی تویتەکە لەگەڵ هەواڵەکە دابنی؛ هەروەها ئەو وشانەی بە کارهێناون، وەك: قیزەون، کە دوو جار ئەم دەستەواژەیە لە ناو هەواڵەکە دووبارە دەکاتەوە. ئەمەش پێگەی "ئێن ئارتی" خۆی لە بێلایەنی رزگار نەکردووە، تەنانەت دژایەتیشی تێدایە؛ واتە، بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵی رەفتاری لەگەڵ تویتەکە نەکردووە، بەڵکو کام دەستەواژە و وشە شایانی ئەوە نین بخرێنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناو هەواڵ، ئەو هاتووە دوو جار دووبارەی کردووە. ئەمەش خۆی لە کاری پیشەیی میدیایی نابینێتەوە. لە پێگەی رووداو دا هەواڵێك بە سەردێری "کچێك: باوکم چوار جار دەستدرێژیی سێکسی کردە سەرم"، ئەم سەردێرە، سەرەڕای زەقی، لە هەمان کاتدا پیشەیی و ئیتیکانە نییە بەم شێوەیە سەردێریك بۆ هەواڵێك دابنرێتن کە بابەتەکە نامۆ بێ و لە رووی دابونەریت و ئاین و سیستەمی مەدەنی نەگۆنجاو بێت.

## 4- رادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە بابەتی بوون:

خشتەی (4) ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە ئیتیکی پیشەیی روون دەکاتەوە

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییەکان / برگەکان | رووداو دووبارە | رووداو % | ئین ئارتی دووبارە | ئین ئارتی % | کۆی گشتی دووبارە | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خستنەڕووی بۆچوونی یەك لایەن | 342 | 48.4 | 456 | 52.3 | 798 | %50.5 |
| 2 | خستنەڕووی بۆچوونی لایەنە جیاوازەکان | 43 | 6.1 | 22 | 2.5 | 65 | %4.1 |
| 3 | پێدانی دەرفەتی یەکسان بە بۆچوونە جیاوازەکان | 34 | 4.8 | 8 | 0.9 | 42 | %2.7 |
| 4 | تێکەڵکردنی راوبۆچوون بە زانیارییەکانی نێو هەواڵەکە | 278 | 39.3 | 337 | 38.7 | 615 | %38.9 |
| 5 | بڵاوکردنەوەی واتەوات | 3 | 0.4 | 13 | 1.5 | 16 | %1.0 |
| 6 | بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی سیاسی | 7 | 1.0 | 36 | 4.1 | 43 | %2.7 |
| | کۆی گشتی | 707 | 100 | 872 | 100 | 1579 | 100 |

لەم خشتەیەدا کە تایبەتە بە رادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە ئیتیکی پیشەیی دەخاتە روو، برگەی "خستنەڕووی بۆچوونی یەك لایەن" بە ڕێژەی (%50.5) پلەی یەکەمی وەرگرتووە، برگەی "تێکەڵکردنی راوبۆچوون بە زانیارییەکانی نێو هەواڵەکە" بە ڕێژەی (%38.9) لە پلەی دووەمدا دێت. برگەی "خستنەڕووی بۆچوونی لایەنە جیاوازەکان" لە پلەی سێیەمدایە بە ڕێژەی (%4.1). هەردوو برگەی "پێدانی دەرفەتی یەکسان بە بۆچوونە جیاوازەکان" و "بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی سیاسی"

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە پلەی چوارەم دێن بە ڕێژەی (2.7%). بڕگەی "بڵاوکردنەوەی واتەوات" دواین پلە دێت بەرێژەی (%1.0).

لێرەدا روون دەبێتەوە، کە هەردوو پێگەکە لە رووماڵکردنی هەواڵەکاندا پشتیان بە "ختستنەڕووی یەك بۆچوون بەستووە"، بەڵام بۆ ئەوەی لەو چوارچێوە کلاسیکییەکە دەربچێت پێویست بوو بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکان پشت بە سەرچاوەیەك زیاتر ببەسترێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پیشەیانە کارەکانیان ئەنجام بدەن. ئەم ئەنجامەش وادەردەکەوێت لە رواڵەتدا پێچەوانەی ئەنجامی خشتەی پێشوو بێت، بەڵام لە راستیدا زیاتر ئەم ئەنجامە پەیوەستە بەو هەواڵانەی کە باس لە تاوان و رووداوە جیاجیاکان دەکەن و تەنیا لێداوان یەك سەرچاوە تێیدا وەرگیراوە؛ وەك پۆلیس، یان لایەنێکی دیاریکراوی نێو رووداوەکە.

بۆ وێنە هەواڵێك لە پیگەی "ئێن ئارڕ تی" بە سەردیری " لە میسان باوکێک سێ منداڵی خۆی خنکاند" تەنیا پشتی بە یەك بۆچوون بستووە. هەروەها لە هەواڵیکی دیکەی پێگەی "ئێن ئارڕ تی"دا بە سەردێری "مژدە مەحمود: بە بڕیاری حکوومەتی هەرێم رێگری لە کازم فاروق کراوە"، لەم هەواڵەدا جگە لەوەی کە پشتی بە یەك بۆچوون بەستووە، پرۆپاگەندە و واتەواتیشی تێدایە، چونکە کێشەکە لە پەرلەمانە، کەچی حکوومەت تۆمەتبار دەکات بەوەی کە لە پشت رووداوەکەوەیە؛ هەروەها لە هەواڵەکەدا هاتووە کە "دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشدارە لە لێدزینی موچە"، بۆیە پێگەی "ئین ئارڕ تی" پابەندی ئیتیکی پیشەیی نەبووە، تەنیا تۆمەت بەخشینی تێدایە. لە هەواڵی بە سەردێری "شاسوار عەبدولواحید: ٣٠ ساڵە چاوەروانی ئەم فاشیلانەین هیچیان نەکردووە چوار ساڵیش دەرفەت بدەنە ئێمە"، یان لە پێگەی رووداو بە سەردێری "مەلا بەختیار: بەرپرس هەیە لەسەر دزیکردن لە کاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئێستاش قسەی لەگەڵ ناکەم"، ئەم ناونیشانانە زیاتر خۆیان لە پرۆپاگەندەی سیاسیدا دەبینەوە.

### 5- رادەی پابەندبوونی هەواڵەکان بە بنەمای وردی(الدقە):

خشتەی(5) ڕادەی پابەندبوونی هەواڵەکان بە بنەمای وردی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە ئیتیکی پیشەیی

| ژ | | ڕووداو | ئێن ئارڕ تی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | برگەکان / پێگە ئەلیکترۆنییەکان | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ناوی شوێن | 640 | 36.9 | 530 | 41.9 | 1170 | %39.0 |
| 2 | هەڵەی زمانەوانی | 28 | 1.6 | 57 | 4.5 | 85 | %2.8 |
| 3 | جۆری پۆست | 488 | 28.1 | 363 | 28.7 | 851 | %28.4 |
| 4 | ئامار و داتاکان | 324 | 18.7 | 200 | 15.8 | 524 | %17.5 |
| 5 | ناوی کەسایەتی | 254 | 14.6 | 81 | 6.4 | 335 | %11.2 |
| 6 | کێشە تەکنیییەکانی[1] ناو پێگەکان | 2 | 0.1 | 33 | 2.6 | 35 | %1.2 |
| | کۆی گشتی | 1736 | 100 | 1264 | 100 | 3000 | 100 |

لەم خشتەیەدا رادەی پابەندبوونی هەواڵەکان بە بنەمای وردی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە ئیتیکی پیشەیی دیار دەکات. برگەی "ناوی شوێن" پلەی یەکەمی بە رێژەی (%39.0) وەرگرتووە. برگەی "جۆری پۆست" بە رێژەی (%28.4) لە پلەی دووەمدا دێت. برگەی "ئامار و داتاکان" لە بە رێژەی (%17.5) پلەی سێیەمدایە. برگەی "ناوی کەسایەتی" لە ریزبەندی چوارەمدایە بە رێژەی (%11.2). برگەی "هەڵەی زمانەوانی" لە بە رێژەی (%2.8) پلەی پێنجەمدایە. برگەی "کێشە تەکنیییەکان ناو پێگەکە" بە دواین پلەدایە بە رێژەی (%1.2).

ئەنجامەکان دەریانخستووە، کە هەر دوو پێگەی ئەلیکترۆنی پابەندن بنەمای وردی، بە تایبەتی لە رووی شوێنی رووداوەکان، جۆری پۆست، ئامار و داتاکان، لە رووماڵکردنی هەواڵەکاندا، تەنانەت ناوی کەسایەتییەکانی نێو رووداوەکان، بەڵام لەنێو هەواڵەکاندا هەڵەی زمانەوانی و رێنووسی تێدا بەدی دەکرێن. لە پێگەی رووداو هەواڵێك بە سەردێری "خێزانێکی کورد لە شاری وان بەهۆی قەرزدارییەوە 40 رۆژە بێ کارەبان"، لە ناوەخنی هەواڵەکە داهاتووە "لە شارۆچکەی رێگای ئاوریشمی سەر بە

[1] کێشە تەکنیکییەکان، مەبەست لێی ئەو وێنە و ڤیدیۆییانەیە کە لەنێۆ هەواڵەکە دانراون و ناکرێنەوە و وەرگر ناتوانێ سەیری وینەکە یان ڤیدیۆیەکە بکات.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارێزگای وانی باکووری کوردستان، خێزانێکی کورد کە پێنج کەس پێکهاتوون، بەهۆی نەدانی پارەی کارەباوە ماوەی 40 ڕۆژە لە تاریکیدا دەژین"، بەڵام دەبوایە بەم شێوەیە دایانبڕشتایە: "لە شارۆچکەی ڕێگای ئاوریشمی سەر بە پارێزگای وانی باکووری کوردستان، خێزانێکی کورد کە لە پێنج کەس پێکهاتوون، بەهۆی نەدانی پارەی کارەباوە ماوەی 40 ڕۆژە لە تاریکیدا دەژین"؛ هەروەها لە پێگەی "ئێن ئارتی" هەواڵێك بە سەردێری "کازمی: ڕێگەنادەین عێراق مایەپوچ بێت"، لە ڕستەیەکی ناو ناوەخنی هەواڵکەدا هاتووە "سەربازی قەیرانی دارایی و کۆرۆنا، توانیومانە بەردەوام بین لە پێدانی مووچەی فەرمانبەران و چاکسازییمان کرد و وەرەقەی سپیی ئابوریمان ئامادە کرد"، لێرەدا هەڵەی چاپ هەیە، لە جیاتی بلێ (سەرباری) نووسراوە (سەربازی). ئەمەش واتای ڕستەکان دەگۆڕێت، جگە لەمەش وشەی (ئابووری) بەم شێوەیە دەنووسرێت نەك بە یەك (واو). بۆیە پێویستە وردتربن لە خستنەڕووی ڕستە و دەستەواژەکان. هەروەها کێشەی تەکنیکی لە وێنە و ڤدیۆیەکاندا کە لەگەڵ هەواڵەکان دادەنرێتن ناکرێنەوە، وەك لە هەواڵی پێگەی ڕووداو بە سەردێری "گەنجێک لە سۆران 'تەکیەی سینگڵان' دەکاتەوە"، ڤیدیۆیەکە ناکرێتەوە، ئەمەش کێشەی ناو پێگەکەیە. لە پێگەی ئێن ئارتی هەواڵێك بە سەردێری "وەزارەتی دارایی خانەنشینان ئاگادار دەکاتەوە"، کەچی ئەو فۆرمەی داناوە ناکرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانرێ چی تێدا نووسراوە. ئەمەش دەچێتە قاڵبی ئەوەی کە لەم دوو بڕگەیە پەیڕەوی ئیتیکی پیشەییانە نەکراوە.

## 6- ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنی بە بەرپرسیارەتی یاسایی و کۆمەڵایەتی:

خشتەی (6) ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی یاسایی و کۆمەڵایەتی.

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییەکان / بابەتەکان | ڕووداو | | ئێن ئارتی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| 1 | بڵاوکردنەوەی زانیاری لە بارەی قوربانییان | 210 | 61.2 | 206 | 50 | 416 | %55.1 |
| 2 | بڵاوکردنەوەی وێنەی قوربانییان | 57 | 16.6 | 33 | 8 | 90 | %11.9 |
| 3 | بڵاوکردنەوەی دانپێنانانی تۆمەتباران | 28 | 8.2 | 23 | 5.6 | 51 | %6.8 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی تاوانباران لە کاتی لێکۆڵینەوەدا | 24 | 7 | 7 | 1.7 | 31 | %4.1 |
| 5 | پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی هاووڵاتیان و فەرمانبەری گشتی | 0 | 0 | 5 | 1.2 | 5 | %0.7 |
| 6 | پێشێلکردنی مافی دانەران | 0 | 0 | 4 | 1 | 4 | %0.5 |
| 7 | بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی دژ بە ئادابی گشتی | 1 | 0.3 | 9 | 2.2 | 10 | %1.3 |
| 8 | بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە وروژێنەرەکان | 7 | 2 | 6 | 1.5 | 13 | %1.7 |
| 9 | هاندانی توندوتیژی خێزانی | 2 | 0.6 | 6 | 1.5 | 8 | %1.1 |
| 10 | هاندانی ڕەگەزپەرستی | 0 | 0 | 4 | 1 | 4 | %0.5 |
| 11 | هاندانی لێکترازان و ناکۆکیی سیاسیی | 6 | 1.7 | 90 | 21.8 | 96 | %12.7 |
| 12 | هاندانی ململانێی نێوان ئایینەکان | 0 | 0 | 1 | 0.2 | 1 | %0.1 |
| 13 | بڵاوکردنەوەی وێنەی منداڵ | 7 | 2 | 8 | 1.9 | 15 | %2.0 |
| 14 | بڵاوکردنەوەی داتا و ژمارەی نادروست | 1 | 0.3 | 10 | 2.4 | 11 | %1.5 |
| | کۆی گشتی | 343 | 100 | 412 | 100 | 755 | 100 |

لەم خشتەیەدا ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەرپرسیارێتیی یاسایی و کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو. لە بابەتی "بڵاوکردنەوەی زانیاری لە بارەی قوربانییان" پلەی یەکەمی بە ڕێژەی (55.1%) وەرگرتووە. بابەتی "هاندانی لێکترازان و ناکۆکیی سیاسیی" لە پلەی دووەمدا دێت بە ڕێژەی (12.7%). بابەتی "بڵاوکردنەوەی وێنەی قوربانییان" لە پلەی سێیەمدایە بە ڕێژەی (11.9%). بابەتی "بڵاوکردنەوەی دانپێدانانی تۆمەتباران" لە پلەی چوارەمدا دێت، ئینجا بابەتەکانی دیکە پلەکانی تریان وەرگرتووە.

هەر دوو پێگەکە زیاتر گرنگییان بە بابەتی قوربانییان داوە، کە بە ڕووداوی جۆراوجۆر قوربانی لێدەکەونەوە، بۆیە ئەو پێگانە لە ڕووماڵکردنی ئەو ڕووداواندا ئیتیکی پیشەی، تەنانەت یاسایی پەیڕەو ناکەن، وەك پیشاندانی وێنەی ئەو کەسانەی دەبنە قوربانی یان کەسانی تاوانبار. وەك لە هەواڵی پێگەی "ئێن ئارتی" بە سەردێری "سەماکەی سلێمانی و قورئان دڕاندنەکەی هەولێر، بۆ لە ئێستادا و کێی لە پشتەوەیە؟" دوای ئەوەی جێگری سەرۆکی حکومەت تاوانبار دەکات، هەروەك لە هەواڵەکەدا هاتووە(جان کافێ؛ کە پێشتر بڕیاری داخستنی درابوو بەهۆی زیادەڕەویکردن لە مۆڵکی شارەوانی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پشتگیری قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کرایەوە، ئەو کافێیەیە کە ئەو سەمایەی تێدا ئەنجام درا). هەروەها ئەو هەواڵەی کە لە پێگەی ڕووداو بە سەردێری "پۆلیسی دهۆک لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی کچ و کوڕێک ڕوونکردنەوە دەدات"، پاشان ڤیدیۆیەکەی داناوە، ئەگەرچی دەموچاوی داپۆشیوە، بەڵام زۆر بە جوانی جوولەی کچ و کوڕەکە لە باوەشی یەکتردا دیارن، کەواتە پێگەی "ڕووداو" لە ڕووی ئیتیکی پیشەی و یاسایی و کۆمەڵایەتی پەیوەست نەبووە. هەروەها لە پێگەی "ئین ئارتی" بە سەردێری "هاوسەرۆکی کەجەکە: تورکیا بۆ نەهێشتنی پەکەکە ڕۆڵێکی گەورەی بە پارتی داوە"؛ ئەم سەردێرە هاندانی لێکترازان و ناکۆکیی سیاسیی پێوە دیارە، بۆ ئەوەی ئاژاوە دووبەرەکی بخاتە نێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتیی میدیایی بکات. لە ڕووی بڵاوکردنەوەی داتاو ژمارەی نادروست لە هەواڵی هەردوو پێگە "ڕووداو" و "ئێن ئارتی" هەواڵی بە سەردێری "د. کەمال مەزهەر، نووسەر و مێژوونووسی کورد کۆچی دواییکرد"، "مێژونوسێکی دیاری کورد کۆچی دواییکرد"، هەر دوو هەواڵەکە هەڵەی مێژوویان تێدایە، لە پێگەی ئێن ئارتی هاتووە، دکتۆر "کەمال مەزهەر)، "لە ساڵی ١٩٥٩ لە زانکۆی بەغدا کارناسی بەشی مێژووی وەرگرت)، بەڵام ڕاستییەکە لە ساڵی (1959) بەپلەی شەرەف خوێندنی لە(کولێژی پەروەردە) لەبەشی مێژووی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە.

هەروەها نووسراوە "لە ساڵی ١٩٦٩ لە ئەنستیتۆتی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەت دکتۆرای زانستەکانی وەرگرتووە، کەچی لەساڵی (1963) دکتۆرای لە ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت وەرگرتووە، نەك لە ساڵی ١٩٦٩، بەڵکو لە 1969 دکتۆرای ناوەکی وەرگرتووە. لە پەرەگرافێکی دیکەدا هاتووە "کە لە ساڵی ١٩٨١ بووەتە مامۆستای مێژوو". لە ڕاستیدا دکتۆر لە دوای (11/ئازار/1970) لە بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەکو مامۆستا دامەزراوە، لە ساڵی (1981) پلەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە)، واتە؛ سەرتاپایی زانیارییەکانی ناو هەواڵەکە هەڵەن. بە وردی نەنووسراوە. لە پێگەی ڕووداویش هەمان زانیاری هەڵە دەبینرێن. (بۆ ڕاستی زانیارییەکان، بڕوانە؛ جمال بابان، اعلام الكرد، 2012، ص453).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 7- جوگرافیای ڕووداوەکان:

خشتەی (8) :جۆگرافیای ڕووداوەکان نێو پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ڕوون دەکاتەوە

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییەکان / جۆگرافیای ڕووداوەکان | ڕووداو | | ئێن ئارِ تی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| 1 | هەرێمی کوردستان | 407 | 59.2 | 454 | 64.1 | 861 | %61.7 |
| 2 | عێراق | 178 | 25.9 | 201 | 28.4 | 379 | %27.1 |
| 3 | وڵاتانی دراوسێ | 103 | 15.0 | 53 | 7.5 | 156 | %11.2 |
| | کۆی گشتی | 688 | 100 | 708 | 100 | 1396 | 100 |

لەم خشتەیەدا جۆگرافیایی ڕووداوەکان دەخاتەڕوو، بەجیاوازییەکی زۆر ڕووداوەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (61.7%) لە پێش ڕووداوەکانی عێراقەوە دێت بە ڕێژەی (27.1%) لە پلەی دووەمدایە. ڕووداوەکانی "وڵاتانی دراوسێ" کە مەبەستی لێی "تورکیاو ئێران و سوریا" بە ڕێژەی (11.2%)لە دواین پلەدایە.

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، کە بەهای نزیکی هەواڵەکان کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی پانتاییەکی فراوانتری ڕوومالّکردنی هەواڵەکان ئەو پێگانە بۆ خۆیان ببەن، سەرەڕای ئەمەش هەردوو پێگەکە گرنگیی زۆریان بەو هەواڵە دراوسێیەکانی داوە، کە زیاتر تایبەت بوونە بە پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئەم گرنگیدانەش سەرچاوەی گرتبوو لە شوناسی نەتەوەیی هاوبەش و هاوسنووری نێوان هەرێمی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان.

## 8- سەرچاوەکانی زانیاریی

خشتەی (9) سەرچاوەکانی زانیاری نێو پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ڕوون دەکاتەوە

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییەکان / سەرچاوەکانی زانیاریی | ڕووداو | | ئێن ئارِ تی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| 1 | کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی | 25 | 3.4 | 34 | 4.4 | 59 | %3.9 |
| 2 | بەیاننامە | 17 | 2.3 | 42 | 5.5 | 59 | %3.9 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | پەیامنێر | 318 | 42.7 | 195 | 25.4 | 513 | %33.9 |
| 4 | ئاژانسەکانی هەواڵ | 11 | 1.5 | 26 | 3.4 | 37 | %2.4 |
| 5 | ئامرازەکانی میدیا (تەلەڤزیۆن، رادیۆ و رۆژنامە) | 106 | 14.2 | 86 | 11.2 | 192 | %12.7 |
| 6 | پێگە ئەلیکترۆنییەکان | 6 | 0.8 | 36 | 4.7 | 42 | %2.8 |
| 7 | سوشیال میدیا | 56 | 7.5 | 55 | 7.2 | 111 | %7.3 |
| 8 | ئەرشیف و بەڵگەنامەکان | 33 | 4.4 | 20 | 2.6 | 53 | %3.5 |
| 9 | سەرچاوەی نادیار | 6 | 0.8 | 21 | 2.7 | 27 | %1.8 |
| 10 | شایەتحاڵ | 14 | 1.9 | 11 | 1.4 | 25 | %1.7 |
| 11 | ئاماژەنەدان بە سەرچاوەکان | 153 | 20.5 | 241 | 31.4 | 394 | %26.1 |
| | کۆی گشتی | 745 | 100.0 | 766 | 100 | 1512 | 100 |

لەم خشتەیەدا سەرچاوەکانی زانیاریی لە نموونەی توێژینەوە دیاردەکات، بە پلەی یەکەم نموونەی توێژینەوە پشتی بە پەیامنێر بە رێژەی (%33.9) بەستووە. بڕگەی "ئاماژەنەدان بە سەرچاوەکان "بەرێژەی (26.1) پلەی دووەمی وەرگرتووە. برگەی "ئامرازەکانی میدیا "تەلەڤزیۆن، رادیۆ و رۆژنامە" بە رێژەی (%12.7) لە پلەی سێیەمدایە. بڕگەی "سۆشیاڵ میدیا" بە رێژەی (%7.3) لە پلەی چوارەمدایە؛ کە پێگەکان بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکانیان پشتیان پێ بەستووە. ئینجا سەرچاوەکانی زانیاریی دیکە پلەکانی تریان وەرگرتووە.

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، هەر دوو پێگەی ئەلیکترۆنی؛ "ڕووداو" و"ئێن ئارتی" بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکانیان زیاتر پشتیان بە پەیامنێرانی خۆیان بەستووە؛ ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەیامنێر ستوونی ئامرازی راگەیاندنە بە تایبەتی پێگەی ئەلیکترۆنی، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ هەواڵەکان لە شوێنی رووداوەکان بگوازێتەوە؛ هەروەها فاکتەرێکی بەهێزی مسداقیەتی هەواڵەکان بە شێوەیەکی پیشەیانە رووماڵی رووداوەکان پیشاندەدات.

ئەوەی جێگا ئاماژەیە، ئەوەیە کە هەردوو پێگەی "ڕووداو" و "ئێن ئارتی" هەندێجار ئاماژە بە سەرچاوەکان ناکەن، یان ئەگەر ئاماژەش پێی بکەن بە سەرچاوەیەکی باوەرپێکراو، یان ئەمنی ناودەبرێت. وەك لە پێگەی رووداو لە هەواڵی بەسەردێری "تورکیا چیای کێستەی گرت و هێزی لێ

جێگیرکرد"، لە ناوەخنیدا هاتووە "سەرچاوەیەکی سەربازی ئاگادار لە دۆخەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت رایدەگەیێنێت، دوێنی کاژێر 6:00ـی ئێوارە تۆپخانەکانی تورکیا دەستیان بە تۆپبارانکردنی زناری کێستە و گوندەکانی نزیك ئەو شوێنە ستراتیژییە کردووە، تاوەکو کاژێر 9:00 دواتر بە شەش فڕۆکەی هێلیکۆپتەر و چوار فڕۆکەی دیکە ئێف-16 ئەو سێ ناوچەیەیان تۆپباران و بۆردوومانکردووە، لەلایەن هێزەکانی پەکەکەش بەرگری هەبووە، بەڵام نەیانتوانیوە ئۆپەراسیۆنەکە راگرن"، یان لە پێگەی ئێن ئارتی بە سەردێری "لە کەلار گەنجێک کارمەندێکی ئاسایشی بریندارکردووە" دەڵێ: "سەرچاوەیەکی ئەمنی لە گەرمیان راگەیاند، شەوی رابردوو گەنجێك بە چەقۆ کارمەندێکی ئاسایش و دوو گەنجی دیکەی بریندارکردووە و هێرشکەرەکە دەستگیرکراوە"، ئەم دوو هەواڵە کە ئاماژەیان بە ناوی سەرچاوەکانیان نەکردووە. ئاماژەدان بە سەرچاوە بە یەکێك لە بنەماکانی بەرپرسیارێتیی پیشەیی و ئیتیکی لە قەڵەم دەدرێت.

## 9- ڕەگەزەکانی کارلێککردن:

خشتەی (10) ڕەگەزەکانی کارلێککردنی نێو هەواڵەکانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان روون دەکاتەوە

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییەکان / ڕەگەزەکانی کارلێککردن | ڕووداو | | ئێن ئاڕ تی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| 1 | وێنە | 549 | 68.9 | 590 | 80.3 | 1139 | %74.3 |
| 2 | هێڵکاریی | 1 | 0.1 | 3 | 0.4 | 4 | %0.3 |
| 3 | ڤیدیۆ | 198 | 24.8 | 53 | 7.2 | 251 | %16.4 |
| 4 | دەنگ (پۆدکاست) | 25 | 3.1 | 0 | 0.0 | 25 | %1.6 |
| 5 | کاریکاتێر | 0 | 0.0 | 1 | 0.1 | 1 | %0.1 |
| 6 | ڕەنگ | 23 | 2.9 | 87 | 11.8 | 110 | %7.2 |
| 7 | ئینفۆگرافیگ | 1 | 0.1 | 1 | 0.1 | 2 | %0.1 |
| | کۆی گشتی | 797 | 100 | 735 | 100 | 1532 | 100 |

لەم خشتەیەدا ڕەگەزەکانی کارلێککردنی نێو هەواڵەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی "ڕووداو" و "ئێن ئارتی" دیاری دەکات. ڕەگەزی کارلێککردنی وێنە بە ڕێژەی (%74.3) لە پلەی یەکەمدا دێت، ڕەگەزی کارلێککردنی ڤیدیۆ بە ڕێژەی (%16.4) لە پلەی دووەمدا دێت، ڕەگەزی کارلێککردنی ڕەنگ بە ڕێژەی (%7.2) پلەی سێیەمی وەرگرتووە، ڕەگەزی کارلێککردنی دەنگ بە ڕێژەی (%1.6) لە پلەی چوارەمدا دێت، ڕەگەزی کارلێککردنی هێڵکاریی بە ڕێژەی (%0.3) لە پلەی پێنجەمدایە، هەر دوو ڕەگەزی کارلێککردنی کاریکاتێر و ئینفۆگرافیگ بە ڕێژەی (%0.1) لە دوا پلەدان.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە، بایەخی دەنگییەکانیش دەکرێ لە چەند ڕوویەکەوە بخەینەڕوو، لەوانە هەمەچەشنی لە خستنەڕووی ناوەڕۆکی هەواڵ، لە پاڵ ئەوەش دەکری وەرگری ئەو تۆ هەبێت کە توانای خوێندنەوەی لاواز بێت، یان ئارەزووی خوێندنەوەی کەم بێت، ئەم تراکە دەنگیانە بۆ ئەم جۆرە وەرگرانە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ناوەرۆکی هەواڵەکان.

### 10- شێوەی ڕووماڵکردن:

خشتەی (11) شێوەی ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ڕوون دەکاتەوە

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییەکان / شێوەی ڕووماڵکردن | ڕووداو | | ئێن ئار تی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| 1 | هەواڵ | 342 | 49.7 | 415 | 58.6 | 757 | %54.2 |
| 2 | ڕاپۆرتە هەواڵ | 324 | 47.1 | 259 | 36.6 | 583 | %41.8 |
| 3 | چیرۆکە هەواڵ | 22 | 3.2 | 34 | 4.8 | 56 | %4.0 |
| کۆی گشتی | | 688 | 100 | 708 | 100 | 1396 | 100 |

ئەم خشتەیە تایبەتە بە شێوەی ڕووماڵکردنی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی "ڕووداو" و "ئێن ئارتی". شێوەی ڕووماڵکردنی "هەواڵ" پلەی یەکەمی بە ڕێژەی (%54.2) وەرگرتووە. "ڕاپۆرتە هەواڵ" بە ڕێژەی (%41.8) لە پلەی دووەمدا دێت. "چیرۆکە هەواڵ" بە ڕێژەی (%4.0) لە پلەی سێیەمدایە.

بە ڕای توێژەر ئەمەش گوزارشت لە توانایی تەکنیکی پێگەکان و هەروەها گوزارشت لە بوونی هەواڵەکان دەکات، چونکە هەموویان پێویستیان بە ڕاپۆرت و چیرۆکە هەواڵی نییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 11- سروشتی رووماڵکردن:

خشتەی (12) سروشتی رووماڵکردنی هەواڵەکانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان روون دەکاتەوە

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییەکان سروشتی رووماڵکردن | ڕووداو | | ئێن ئارتی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| 1 | شرۆڤەکردن | 249 | 36.2 | 245 | 34.6 | 494 | %35.4 |
| 2 | زانیاریی و هەواڵ | 404 | 58.7 | 364 | 51.4 | 768 | %55.0 |
| 3 | بەراوردکردن | 8 | 1.2 | 42 | 5.9 | 50 | %3.6 |
| 4 | ڕەخنەگرتن | 27 | 3.9 | 57 | 8.1 | 84 | %6.0 |
| کۆی گشتی | | 688 | 100 | 708 | 100 | 1396 | 100 |

ئەم خشتەیە کە تایبەتە بە سروشتی رووماڵکردنی هەواڵەکانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانی "ڕووداو" و "ئێن ئارتی"، سروشتی رووماڵکردنی زانیاریی و هەواڵ پلەی یەکەمی وەرگرتووە بە رێژەی (%55.0)، شرۆڤەکردن بە رێژەی (%35.4) لە پلەی دووەمدا دێت، ڕەخنەگرتن بە رێژەی (%6.0) لە پلەی سێیەمدایە. سروشتی رووماڵکردنی بەراوردکردن بە رێژەی (%3.6) لە دواین پلە دێت.

سەبارەت بە سروشتی رووماڵی کردن، دەردەکەوێت کە توانای سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژیی لەم پێگانەدا زۆر لاوازە.

## دەرەنجامەکان:

1- لە زەمەنی دیاریکراوی توێژینەوەدا، لە کۆی هەواڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان (850) هەواڵی سیاسی و (579) هەواڵی کۆمەڵایەتییان بڵاو کردووتەوە، ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە گرنگی ئەم پێگانە بە خستنەڕووی بابەتی سیاسی گەورەترە لە خستنەڕووی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

2- ململانێ سیاسیی نێوان پارتە سیاسییەکان و پرسی تیرۆریزم و ناکۆکی لەسەر پرۆژەیاسای بووجەی عێراق، زۆرترین پانتایی داگیر کردووە لە بابەتە سیاسییەکانی هەواڵی نموونەی توێژینەوەکە.

3- لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی نموونەی توێژینەوە پرسی کوشتن و خۆکوشتن، دەسگیرکردن و سزادانی تاوانباران و کەمیی خزمەتگوزاریی زیاتر بایەخیان پێ دراوە.

4- ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە. بەرامبەر بە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بێلایەن بووە، سەرەڕای تێبینیکردنی ڕێژەیەکی سنووردارییی لایەنگیری لە هەندێ پرس و بابەتدا.

5- لە نیوەی زیاتری هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکە تەنیا بۆچوونی یەك لایەنی خراوەتە ڕوو، هەروەك لە بەشێکی زۆری هەواڵی نموونەی توێژینەوەکەدا ڕاوبۆچوون تێکەڵ بە هەواڵ کراوە. ئەوەش کەوابێ، بەدواداچوونی توێژینەوە بۆ هەواڵەکان لەم پێگانە وەك پێویست نییە.

6- لە هەواڵی نموونەی توێژینەوەدا گرنگی بە بنەمای وردبینی دراوە و کەمتر ئاستی هەڵەی زمانی لە داڕشتنی هەواڵەکان بەدی کراوە.

7- زۆرترین پێشێلکاریی ئیتیکی لەلایەن نموونەی توێژینەوە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و وێنەی قوربانیان و هاندانی لێکترازان و ناکۆکی سیاسی بووە.

8- سەرەکیترین سەرچاوەی هەواڵی نموونەی توێژینەوە بریتی بووە لە پەیامنێرانی هەردوو نموونەی توێژینەوە؛ لە بەرامبەریشدا، ئاماژەنەدان بە سەرچاوەی زانیارییەکان لە بەشێکی بەرچاوی هەواڵی نموونەی توێژینەوە دووبارە بۆتەوە. ئەمەش کەوابێ، میسداقیەت دێنێتە خوار.

9- سەبارەت بە جوگرافیای هەواڵەکان، دەرکەوت نموونەی توێژینەوە زیاتر گرنگییان بە هەواڵە کوردستانییەکان داوە، ئینجا هەواڵە عێراقییەکان، دوای ئەوەش هەواڵی وڵاتانی دراوسێ. ئەمەش کەواتە گرنگیدانی ئەم پێگانە بە هەواڵی ناوخۆیی لە ئاستێکی بەرزدایە، کە زۆربەی ئامرازە ڕاگەیاندنە ئامانجدارەکان وەها دەکەن.

10- وێنە و ڤیدیۆ و ڕەنگ زیاترین ئەو ڕەگەزە کارلێکییانەن، کە بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵی نموونەی توێژینەوە بەکار هاتوون.

11- هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ زۆرترین ناوەڕۆکی هەواڵی نموونەی توێژینەوە پێك دێنن و بە شێوەیەکی زۆر سنووردار بایەخ بە چیرۆکە هەواڵ دراوە. ئەمەش گوزارشت لە توانای تەکنیکیی پێگەکان و هەروەها گوزارشت لە بوونی هەواڵەکان دەکات، چونکە هەموویان پێویستیان بە چێرۆکی هەواڵی نییە.

12- سروشتی ڕووماڵ و ناوەڕۆکی هەواڵی نموونەی توێژینەوە، زیاتر بریتی بوونە لە زانیاری و دواتریش بریتی بووە لە شرۆڤەکردنی لایەنە جیاجیاکانی هەواڵ.

## راسپاردەكان:

1- سازكردنی كۆبوونەوە و سەكۆی خولەكی بۆ بەرپرسی دامەزراوەكانی میدیا و میدیاكاران لە پێگە ئەلیكترۆنییە هەواڵییەكان، بەمەبەستی تاوتۆێكردنی پرسی پابەندبوون بە بنەما ئیتیكییەكان و دروست بوونی لێكتێگەیشتنی زیاتر لە نێوانیان.
2- هەوڵدان بۆ گەڵاڵەكردنی میساقێكی شەرەفی هاوبەش لە نێوان پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان كە رێگە لە دەستوەردانی سیاسی بگرێ بە جۆرێك ئەو پێگانە بەكارنەهینرێن لە ململانی و ناكۆكییە سیاسیەكاندا.
3- دامەزراندنی ئەنجوومەنێكی میدیایی كە خودان دەسەڵاتی لێپرسینەوە و سزادانی هەر میدیاكار و دامەزراوەیەكی میدیایی بێت، كە پێشێلی بنەما ئیتیكی دەكات لە بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی لادەدات.

## پێشنیازەكان:

1- هەوڵبدرێت توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە ژێر رۆشنایی تیۆری بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی میدیایی ئەنجام بدرێت، چاوگەكانی توێژینەوەكەش لە میدیاكارانی و پێگە ئەلیكترۆنییە كوردییەكانی دیكە وەربگیرێت، بۆ ئەوەی كاتێك بەراورد لە نێوان دەرەنجامەكانیان دەكرێت، بگەین بەچاو ڕوونییەكی گەورەتر.
2- دەبێت پێگە ئەلیكترۆنییەكان هاوكاربن لە ڕاستی و دروستی گەیاندنی زانیاری و هەواڵەكان, تاوەكو ببنە جێگای متمانە لە لای جەماوەر.

## لیستی سەرچاوەكان

**یەكەم: كتێب:**

**ا-بە زمانی كوردی:**

1- شوانی، ئەرشەد خەلیل. 2020. میدیای بەدواداچوون. هەولێر: خانەی موكریانی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.
2- عومەر، هاوژین. 2012. ئیتیكی كاری رۆژنامەوانی. هەولێر: خانەی موكریانی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

1-الشرقاوي، محمد. 2017. فن الكتابه..فى زمن الديجيتال ميديا. مصر: الهيئة العامة لقصور الثقافة.
2- خالد، محمد مسعي غربي، احمد. 2019. سياق البعد الاجتماعي للمسؤوليه الاجتماعية. برلين- المانيا: المركز العربي الديمقراطي.
3- البياني، د. ياس خضير. 2015. الاتصال الرقمي- امم صاعدة وامم مندهشة. عمان: دارالبداية ناشرون وموزعون..
4- قريعي، احمد موسى. 2018. ضمير الصحافة. ط2، القاهرة: مكتبة جزيرة الورد.
5- كافي، د. مصطفى يوسف. 2016. الاعلام التفاعلي. عمان: دار و مكتبة الحامد للنشر والتوزيع.
6- هردو، مركز. 2016. خلاقيات ومبادئ العمل الصحفي والاعلامي. القاهرة: مركز هردو لدعم التعبير الرقمي.
7- بكر، ياسر. 2010. الاعلام البديل. مصر: مطبعة حواس.
8- حمود، عبدالحليم. 2008. الانترنت اعلام ضد الاعلام. بيروت: دار الهادي للطباعة والنشر والتوزيع.
9- المشاقبة، بسام عبدالرحمن. (2012). أخلاقيات العمل الاعلامي. عمان- الاردن: دار أسامة للنشر والتوزيع.
10- بابان، جمال (2012)، اعلام الكرد، دار اراس للطباعه والنشر.

**ج- بە زمانی ئینگلیزی:**

1- Kawamoto, Kevin. 2003. Digital Journalism: Emerging media and the changing Horizons of Journalism. New York: Rowman and Little Field.
2- Quinn, Lamble, Stephen And Stephen. 2008. Online Newsgathering: Research and Reporting for Journalism. United States of America: Focal Press is an imprint of Elsevier.

**دووەم: گۆڤاری زانستی:**

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

1-الفتلاوي، حسين سعدي. 2016. "مضامين وأشكال الأخبار في المواقع الالكترونية- (دراسة تحليله لموقع إيلاف أنموذجا)." اداب الكوفة، المجلد1، العدد 28، كوفه.
2- رضا، ا.د. عدلى سيد محمد. 2012. " اخلاقيات الاعلام في عصر العولمة." كراسات صحفية واعلامية، العدد الثالث، معهد الاهرام الاقليمي للصحافة، القاهرة.
3- صالح، د. رواء هادي. (2019). اتجاهات الأكاديميين إزاء الصحافة الورقية في ظل صحافة الإنترنت- دراسة ميدانية على أساتذة كليتي الإعلام في جامعتي بغداد والعراقية. جامعة بغداد،كلية الإعلام، مجلة الباحث الاعلامي، المجلد11، العدد43، بغداد.
4- نبيل، د. أمل محمد، د.نصرالدين عبدالقادر بدر، عثمان. (2019). اتجاهات النخب الأكاديمية نحو الدوريات العلمية في الإعلام قياسا على معامل التأثير، المجلة الدولية لنظم إدارة التعلم، الإمارات العربية المتحدة، مجلد 7، العدد 1.

**ج- بە زمانی ئینگلیزی:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1 -Nasir, M. (2014). Digital Media Ethics and The Role of Media A Case Study of Pakistan. Interdisciplinary Journal, Vol5, No 12, Pakistan.

**سێیەم: نامەی ماستەر:**

1- خليفة، شرين حامد. (2015). اتجاهات النخبة الاعلامية نحو التزام المواقع الاخبارية الفلسطينية باخلاقيات المهنة/ دراسة ميدانية، غزة-فلسطين: (رسالة ماجستير غير منشورة)، الجامعة الإسلامية -غزة، كلية الاداب، قسم الصحافة.

**چوارەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

1- پۆرتاڵی رووداو. 2020. پرۆتاڵی رووداو. 12/10 ئکتۆبەر. تاريخ الوصول 12/10 ئکتۆبەر, 2020.
3.https://www.rudaw.net/sorani/terms

2- پێگەی ئێن ئارڕ تی .2020. دیجیتال میدیای ئین ئارڕ تی. 22 10. تاريخ الوصول 28 9, 2020.
.https://nrttv.com/Default.aspx

**پێنجەم: چاوپێکەوتن**

1- رێبوار ئەورەحمان، چاوپێکەوتن ئازاد عبدالعزيز محمد. 2020. دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارڕ تی (10/25).

# Elite Media Trends towards the Extent of Commitment of Kurdish Websites to the Ethics of the Profession in the Kurdistan Region - An Analytical Study

**PhD student. Azad Abdulazez Muhammad**
Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
azad.mohammed1@su.edu.krd

**Prof. Dr. Taher Hasso Zebari**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
tahir.zebari@su.edu.krd

**Keywords:** *trend, media elite, commitment, professional ethics, websites.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


## Abstract

The present study's aim is to investigate knowledge and determine media directions about the dependence of the Kurdish websites on professional ethics, performed in Kurdistan Region of Iraq. The samples were included in the present study are both websites from Rudaw and NRT, especially political and social news which were used as a study sampling. This study is a descriptive study in which analytical content methods were applied. The importance of the present study is that in the view scientific and academic views about all media departments of Colleges and Institutions. The scientific researchers who work on Professional ethics and modern media had been investigated poorly. On one hand, depending on the roles and influence of the electronic media about the level and the status of Kurdish media. One the other hand, the view and directions of the professional media staff along with these websites' dependence on the professional ethics. Also, scientific attempt should be improved to determine the volume of the problem and seek the comparable solution of the same problem. The results of the scientific researches sometimes have positive impact on the media elements according to the practical and professional levels.

If the results of the scientific research were taken in a valuable manner, the completed roles were achieved for journalism aspects of websites. The present study concluded that, the directions of the sampling method showed its independency toward the political and social cases along with some notes limited ratios of its dependency in some subjects and cases. More than half of the news samples of the study only showed one side expression, as in the majority of the news samples, the expressions were mixed with the news. Thus, these websites' investigation is not as professional as needed.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# اتجاهات النخبة الاعلامية نحو مدى التزام المواقع الألكترونية الكوردية باخلاقيات المهنة في اقليم كوردستان
## دراسة تحليلية

**الملخص:**
هذه الدراسة محاولة علمية لمعرفة وتحديد اتجاهات النخبة الإعلامية وتحديدها فيما يتعلق بمستوى التزام المواقع الإلكترونية الكردية بأخلاقيات المهنة في إقليم كوردستان. والنماذج المختارة لهذه الدراسة هي : موقع (روداو)، وموقع (إن آر تي)، وقد اختير فيهما نشر الأخبار السياسية والاجتماعية. و هذه الدراسة وصفية، اعتمدنا المنهج التحليلي، وتكمن أهميتها على مستويين : الأول : علمي و أكاديمي: فلم تهتم أقسام الإعلام في جامعات الإقليم ومعاهده بمجال الاخلاقيات الإعلامية والإعلام الحديث إلا قليلا، وهذا يتطلب الاهتمام بقدر أهمية ودور المواقع الإلكترونية من جهة، ورؤى وتوجه النخبة الاعلامية مقابل التزام هذه المواقع بأخلاقيات المهنية من جهة أخرى، وإجراء المحاولات العلمية اللائقة بغية تحديد حجم القضية وكيفية المعالجة والتعامل معها .والثاني: على المستوى التطبيقي والمهني: إذ تنعكس نتائج البحوث العلمية إيجابيا، وتؤدي إلى تحسين وتعديل مسار عمل الوسائل الإعلامية على أرض الواقع، ولو أخذت هذه النتائج بعين الاعتبار لأدى الدور التكاملي في مصلحة تطور التجربة الصحفية للمواقع الألكترونية.
ومن اهم النتائج التي توصلت اليها الدراسة :تتسم عينة الدراسة بالموضوعية تجاه القضايا السياسية والاجتماعية، فضلا عن ملاحظة بعض التحيز المحدود في بعض القضايا و الموضوعات .عرض اكثر من نصف الأخبار الموجودة في عينة البحث و وجهات النظر من جانب واحد، كما خلطت وجهات النظر بالأخبار في اغلب أخبار عينة الدراسة، وهذا يعني أن متابعة الدراسة لأخبار هذه المواقع لم تصل إلى المستوى المطلوب. واهتمت عينة البحث بأسس التدقيق، ولاحظت الأخطاء اللغوية في صياغة الأخبار بصورة أقل.

**الكلمات المفتاحية: اتجاهات، النخبة الإعلامية ، الالتزام، الأخلاق المهنية و المواقع الإلكترونية.**